# عەشیرەی سکۆلار و پاپوێن لە مل.

کورتە وەڵامێک بۆ سەرۆک و بەر سەرۆک و دەرەوە و ناوەوەی
کوردەکەی بەری خەتێ، ئازاد کیانی، بارام مینبەری، زڕە کور حیسامی

شۆرش کردن و راپەرینی هەموو کۆمەڵگایەک، کرمۆڵی خۆی هەیە. کوردستانیش یەکێکە لەو کۆمەڵگا و نەتەوانە کە بەداخەوەم لەم دەردە بێبەش نییە و ئەم ئازارە داوێنی ئەویشی گرتۆتەوە . ئەمەش خەباتی دەوێ، قووربانی زۆرتری دەوێ تا ئەو گرێ پووچکانەی بکاتەوە.

بۆ ئاگاداری هەموو خوێنەرانی بەرێز، من بەناوی هیچ رێکخراوەیەک نانووسم و قەتیش کومونیسمی کاریگەری نەبووم و نابم و لە رەهبەری کۆمەڵەی شۆرشگێر نیم. هەر کاتێک نوسەرانی عەشیرەکەی "شۆرشگێران" ناوی خۆیان ئاشکرا کرد، ئاوا منیش ئامادەم. من قەت و بۆ یەک رۆژ سەرم بۆ رەژیمی ئیسلامی دانەنواندوە، سەر بۆ "حوسین" خۆ هەڵکێش دانانەوێنم.

من ئێستاش یەک یەک و موو بەمووی ئەو رەخنانەم، کە لە سەر شێعرەکەی جەلال مەلەکشا، نوسیوومە سوورم. نە بەو خاترە کە بەکێدا هەڵ گوتوە، ئەوە بەهەستی ساحەب هەڵبەست مەربووتە، بەمن مەربوتنیە. من کوتومە هەموو کەس ئازادە بەکەسی خۆیدا هەڵ بلێ! بەڵام کوتومەو دەیڵێمەوە لە ژێر ناوی هەڵبەستدا کەس ناتوانی لەقە لە گۆری کەسی کە بدا.

من بێحوورمەتیم بەمردووی کەس نەکردوە. کوتومە ناکرێ بەشێعر قارەمان برازێنێیەوە. بەڵام جارێ با وەڵامێک بە جنێونامەکانی نەتەوەخوازانی نوێی ناو لە خۆگۆراوان بدەمەوە.

هەموو نووسراوەکان کە لەوەڵام بە من "مام ئاکۆ" دراوەتەوە هی یەک نوسەرە،ئەویش "حوسینی یەزدانپەنایە" جا هەر جارەو بەناوێک، قەیناکە من جنێوی پێنادەم. بەڵام دەڵێم بە درۆ خۆ مەکە خزمی قازی محەممەد. حەرەکەتی مهاباد بەقەولی دوکتور قاسملو لە کتێبی چل ساڵ تێکۆشاندا: "کۆری پێکهێنەری کۆماری مهاباد بە داخەوە،کە لە دەوری قازی کۆببوونەوە زۆربەی عەشیرە و دەرەبەگ بوون بۆیە ناکرێ پشتیان پێببەستی." عەشیرەکانی کۆنی لێ کەتووی دوێنێی کوردستان، ئەمرۆکە دەیانەوێ بە ناوێکی کەوە با لە خۆکەن و خۆ بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا فشکەنەوە. دەنا ناو هێنای قازی بە رەخنەی من لە شێعری جەلالمەلکشا، کوجا مەرحەبا. من رێزم بۆ قازی هەیە و ئەو حەقەش بە خۆم نادەم قسەی سووک بەکەس بلێم. بەڵام نەک بۆ بۆرە پیاوی تۆبەکاری دەرگای ئیتلاعات کورنووش بەرم. حوسین بۆخۆی چاک دەزانی زامی سووتاوی بە مانە داناپۆشرێ. غایەتێکی دەی هەوێ کەسانی تریش بە سووتاو ناو بەرێ.

"نوسەرانی" سەر کردەو بەر کردەی عەشیرەکەی شۆرشگێران،هەر کامەیان یەک نەقڵقەول، لە سەعیدی یەزدانپەنا دەهێنەوە، کە چۆن رەخنەی لە موجاهید گرتوەو سیاسەتەکانی موجاهیدی بە دژی کورد داناوە! ئابەم جۆرە.(موجاهیدین دژی دێموکراسیە و شەوینستە و هەر وەها،دژی جووڵانەوی گەلی کوردە) پاش دە ساڵ لە سەنگەری مووجاهیدا ئەم شۆرە عەشێرانە تازە پاش راپەرینی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی عیراق لە دژی سووتان و ئەنفال و زیندەبەچاڵی بە سەد سەد،لە ژن ومنداڵ و پیاوی ئەم وڵاتە ئەم قسەیە دەکەن؟ ئەی بۆ کاتی خۆی چوونە ریزی قاتڵانی ئەم خەڵکەوە و "ئەکسی مریم و مەسعودتان" بە ناوچاوانتانەوە ناو بە گۆری بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵی ئەو خەڵکە پێ کەنین؟ تازە بە خەبەر هاتوون و دەتانەوێ بە گیزە گیزی پەنا دوکەلەکە خۆتان پێش خەڵکی کە خەنەوە.
هاوار بەکەن و بڵێن ئێمە شۆڕشگێرین! لە ناو هەموو حیزبێکدا کەسمان هەیە. ئەمە رێک پیشەی عەشیرە و حۆقەبازانی گۆرەپانی خەبات بە درێژایی مێژوو بووە. لە ناو هەموو حیزب و دەوڵەت و جەرەیانێکدا دابەش بوون کە هەر کامیان سەر کەوتن هەڵاتووەکانی کەیان زوو لە خۆگرن، میراتی بەدەست هاتوو بە پیێ سەری خێزان دابەش کەن. داییم برێک لە مانە بەداخەوە پاپوێنی سکۆلاری لە یەخەی کراسەکەیان دەدەن و مووفسدی فیلئەزیەیان لە دژی هەموو ئازادیەک لێدەبارێ. بەحال زۆر بۆ دانەیەکیان بێ هەموو وەک قشقەر دەقرێنن و یەک ئاگادار دەکەن. ئەوەتا کەوتوونە خۆ، لە درگای هەموو کەس دەدەن، تەلەفون بۆ هەموو کەس دەکەن، و لە ناوی من دەگەرێن! لەم حیزب ئەو حیزب رادەسپێرن دەی بەدرۆی بخەنەوە. من لە سەر رەخنەی خۆم لە" جەلال مەڵکشا" سوورترم، و لە تەواوی حیزبەکانیش بێ منەتم.
من دیفاعم لە تەواوی ئەو شۆڕشگێرانە کردوە کە شاعیری بابردەڵە بە بەزیو و هەڵاتووی سەر خۆشی ناو مەیخانەیان ناو دەبا. هەموو ئەو حیزبانەی وا خۆیان بەو ئینسانە شۆڕشگێر و کەم ئەندام و قارەمانانەی رۆژی تەنگانەوە هەڵ دەکێشن و ئەمرۆکە نقەناکەن، دەبێ شەرم بیان گرێ. "بارام مینبەرین" ناوێک هەرەشە نامە دەنووسێ و ئەفەرمێ: "مامئاکۆ،قەومانوویە، کۆمەلەی شۆڕشگێر ئەگەر بەراستی موخالیفی ئەم کارە قەبیحەی مامئاکۆیە با خەڵکی ئاگادار کا. ئەر نا ئەوە لە سەری ئەبێتەماڵ، هەر وەک هەشتا رۆشنبیری کوردستانی ئێران مەحکومیان کردووە مەحکومی ئەکەن، دەنا بەتەمای ئاشتی و برایەتی نەبن."
من نوسەرێکی ئازادم و نوسراوەی منیش پەسندکراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێر نیە، مەسئولێتی بەخۆمە. با بەیانی مەحکوومم کا. چۆن جنێونامەکانی تۆی ناو لە خۆ گۆر" حوسەینی یەزدانپەنا"،بە کۆمونستەکان لە سەر سایتی لایەنگرانی حیزبی کومونیستی ئێران دژی منی ئازادی خواز بڵاو دەبێتەوە، هەر واش سایتی کە نوسراوەی من دژی تۆی "شۆرەسواری سەقزلوو" بڵاو دەکەنەوە.
هەروەها یەکێتی شۆرەسواری سقز لوو، هەرەشە دەکاو کەوشەن بۆ یەک حیزبی سیاسی کە دادەنێ و ئەفەرمێ ئەشی ئەوە بەدرۆ بخاتەوە جا دەتوانی برایەتی خۆی، بە من سابت بکا و هاوکاری بەرە و ئەکس گرتنی لە گەڵ دەکرێ.
هەر ئەوەندە دەبێ بڵێن، ئاخوا ئێستا کە هیچ نیەو بەحاڵ ئاورِی لێ دەدەنەوە، ئاوا خەت و نیشان بۆ نەیارانی خۆی دەکێشێ، ئەی بەیانی خودای نەکردە قوژبنێکی لە کوردستان بەدەستەوە بوو، شەرتی ژیان لە قانونی ئەم خراب گۆچکراوەدا چۆن دەبێ؟ دەبێ هەر لە ئێستاوە خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان ئەم بەرە و ئەم سەرکردە سنگ فراوانە بناسن و دەرووی ئاوی خواردنەوەی خۆمان لەم جەنابی حەسەن قولیخانیانە جیا بکەینەوە و نفرین لەو بەرە و لەو دەسەڵاتە یەکگرتوە بکەین کە پێمان وایە لە ئاست دووژمنان نوێنەری بەرژەوەندی ژیانی سیاسی و ئازادی دوارِۆژی کۆمەڵگایەکی ئازاد دەبێ لە کوردستاندا.

لە بابەت ئەو هەشتا "رۆشنبیرەوە" کە ناویان هاتووە، و بەناو؟ دیفاع لە جەلال مەلەکشا دەکەن. هەڵبەتە ئەو لیستە برێک جێگەی سەرنجە کە تا چەند راستە. بەڵام من وەک راست وەریدەگرم. ئەگەر ئەو هەشتا کەسە نووسەرن و لە سەر هەستی ئازادی و پاراستنی حورمەتی "شاعیرێک" ئاوا بە تەنگ هاتوون، وە لۆکە دەخەنە سەر زامی دڵی ناسکی جەلال مەلەکشا، کە بە ناهەق کەرامەتی هەزاران کەسی زامدار کردوە، ئەی بۆ تەنگاو نین و نقەناکەن بۆ هەستی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناسکیان ناتلیسێتەوە و ئاور لە هەزاران دایکی جەرگ سووتاو و هەزاران کور و کچی سەقەت نادەنەوە، کە قەڵەمی شاعیری لوتکەگر دایاندەپەڵۆسیێ؟ دەبێ لە هەستی ئەم لیستە دروست کراوەدا شکت بێ!

نووسەری ئازادیخواز کە بە چاوی رەخنە دەروانێتە شێعر و بابەتی ئەدەبی، دەزانێ رووی قەڵەمی نووسەر بۆ کوێ دەچێ و چۆن هەڵ دەڵێ. هەشتا رۆشنبیری کوردستانی ئێران لە کام کۆرو کۆمەڵی ئازاد و کۆری شێعری خۆیاندا، نووسراوەکەی منیان لە گەڵ شێعرەکەی "جەلال مەلەکشادا هەڵ سەنگاند و بێ حوورمەتی منیان دەر حەق بە جەلالمەلەکشا زانی و "شێعرە بە حوورمەتوو بە پێزەکەی" جەلال مەلەکشایان پەسند کرد؟

باشە ئەوە گریمان وابوو. من مەحکووم کرام و جەلال مەلەکشاش سەر بەرزانە لە بێ حوورمەتی بە هەموو تێکۆشەرانی کوردستان سەر کەوت. جەلالمەلەکشا، شێعری بۆ یەک کەس داناوە و بێحوورمەتی بەنەتەوەیەک کردوە. ئەم رووناکبیرانە لە ژێر کام سێبەردا دانیشتوون و چاو لە کام رووناکای دەکەن؟ چۆن لە کۆرێ شێعرو ئەدەبدا دادەنیشن و بیری هەڵپروزاوی ئەوانە وا بە ناحەق کەرامەتی کەسی تر دەخەنە ژێر پێ، هەڵدەسەنگێنن، یان لایەنگری دەکەن؟ من پێم وانیە یەک دانە لە نووسەر و رووناکبیری چاوکراوەی کوردستان، ئاوا کەم تەرخەم و بیر کوژاوە بن لە ئاست بێ حورمەتی بە کەسانێک کە لە سەر ئازادی و ژیانی سەر بەرزی بیری نوێدا تیا چوون و بوونە قوربانی لە ریێ ئازادی و قەڵەمی سەر بەستدا. ئەگەر ئەو رووناکبیرانە، بە وردی و بە دوور لە بیری تەسک، شێعرەکەی جەلالیان خوێندۆتەوە، لە بەرانبەری ئەم قسانە کە لە شێعرەکەی جەلال دەبارێ دەڵێن چی؟

ئەو تفەنگە بەزیوانەی
لە هەوراز بۆ نشێو دەچن
ئەو لووتکانەی
سەریان بەرەو بنارەکان شۆر کردەوە
قەت نازانن
ئەم دایکە نەزۆک نیە.

(هەر وەها جەلال ئەفەرمێ؟)

بووی بە تانە و کەوتیە سەر گلێنەی چاویان
بووی بە درک و رۆچوویتە ناو دڵ و دەروون و هەناویان
هەموو چوون و نیشتمانیان بە جێ هێشت و
لە ژێر تیشکی چل چرای نیو مەیخانەکانی لەندن و بۆن و پاریس و ئۆپسالا،
کوردایەتی رشایەوە.

دۆستانی رووناکبیر! هەموو شێعر و هەڵبەستێک نابێتە هێلانەی بیری ئازادی و فێنک کەرەوەی ئەو دڵە زامدارانەی لە سەر ئازادی و بیری ئازاد خنکاون و داخ کراون. من شانازی دەکەم کۆمەڵگای کوردستان، داگیرساو بە مەشقەڵی رووناکی قەڵەمی ئێوە، بتوانێ رێگای ونکراوی خۆی تێدا بدۆزێتەوە. هەر وەهاش رووناکبیرانی مەیدانی ئازادی قەڵەم و بیری نوێ خواز، بە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەر جەنازەی پێشێلکراوی ژێر پێی جەلال مەلەکشایشدا چاو نەنووقێنن و پێ لە سەر ملی خەڵکی کەدا دانەنێن.
لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە بە "کوردەکەی بەری خەتێ" دڵێم کە هەتا دەتوانی، زۆرتر جنێو و بە کەس و کارم بدە. قەی ناکە زۆرتر کاک حوسین جنێویان پێبدەو بەیانیش وەک سکرکتێری "سیاسی" بە خۆت بە دەفتەرە جنێوەکانتەوە بچۆ کۆبونەوەی حیزبە هاوپەیمانەکانت. دەست بکە بە نەسیحەتی خەڵک. مەبارەکت بێ. نەتەوەی کورد چاوەروانی فامی تۆیە.

مامئاکۆ
2004/10/19



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com